وەزارەتی خوێندنی باڵا درێژی بە داشکاندنی کرێی خوێندنی قوتابیان لە زانکۆ و پێیمانگەکان دا

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، لە بڕیارێکیدا درێژی بە داشکاندنی کرێی خوێندنی قوتابیان لە زانکۆ و پێیمانگەکان دا و لە هەمان کاتدا پێدانی یەکەم قیستی پێشوختەی وەکوو مەرجی دەستپێکردنی خوێندن لابرد.

لەم بارەیەوە، عەباس ئەکرەم، گوتەبێژی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕاگەیاند: "بە چاوکردنی بار و گوزەرانی خانەوادەی قوتابیان لە هەرەمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، بڕیاری داشکاندنی کرێی خوێندنی لە زانکۆ و پێیمانگە حکومی و تایبەتەکان داوە لە ساڵی خوێندنی 2023-2024، بە زانکۆ و پێیمانگە تایبەتەکان داشکاندن لە 10% تا 20% بە سەرجەم قەناغەکان دەکرێت کە زیاتر لە 31 هەزار خوێندکار تێیدا سوودمەند دەبن"، هەروەها داشکاندنی 45ـی کرێی خوێندن بە زانکۆ و پێیمانگە حکومییەکان بە خوێندنی پارالێل و ئێواران بەردەوام دەبێت.